# ترپەکانی دڵی مێژوو

## (چۆن خۆشەویستی مێژوو دروست دەکات؟)

د. کامەران محەمەد

خۆشەویستی یەکێکە لە قووڵترین و گشتگیرترین ئەزموونەکانی مرۆڤ. کات و کەلتوور و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان تێدەپەڕێنێت، نەک تەنها ژیانی تاکەکان، بەڵکو ڕەوتی خودی مێژووش ئاڕاستە دەکات. بەڵام بەڕاستی شتێک هەیە بەناوی (مێژووی خۆشەویستی)یەوە؟ بەواتایەکی دیکە ئایا دەشێت (خۆشەویستی) ببێتە بابەتی توێژینەوە مێژووییەکان؟ چونکە تا ئێستاش هەندێ کەس وا دەبینن کە مێژوو دەبێت ژیانی تاکەکان یان ڕووداوە گرنگەکان، یان باسکردن بێت لە سیاسەت، بەڵام بەلای ئێمەوە وەڵامەکە ئەرێیە، هەرچەندە مێژوویەک نیە وەک ئەو بابەتە مێژووییە نەریتییانەی کە پێیڕاهاتووین، بەڵکو تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگە و هەر ڕەنگێکی نێو ئەو تابلۆ دەوڵەمەندە ڕێگەیە بۆ تێگەیشتن و گوزارشتکردن و بە دامەزراوەیی کردنی خۆشەویستی بەدرێژایی سەردەمەکان.

### مێژووی خۆشەویستی!

ئەگەر مێژوویەک هەبێت بۆ ململانێ و کێشە و جەنگ و کاولکاریی و... تاد، ئەوا بۆ نابێت مێژوویەک بۆ خۆشەویستیی لە ئارادابێت؟ لەگەڵ مێژووی خوێن و کوشتندا ڕاهاتوین، بەڵام بۆ مێژووی خەندە و ئاسوودەییەکان نەنووسینەوە؟ ڕەنگە چەمکی (مێژووی خۆشەویستی) لە یەکەم نیگادا بەلامانەوە نامۆ بێت. ئاخر خۆشەویستی هەستییە و بەرجەستە نیە، بە قووڵی کەسیی و هەندێجاریش کاتییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی بونیادێکی کۆمەڵایەتیشە، کە لە تەواوی قۆناغ و کەلتوورە مێژووییە جیاوازەکاندا بە شێوەی جیاواز ڕاڤەی بۆ کراوە و ڕێکخراوە و گوزارشتی لێکراوە. کەواتە مێژووی خۆشەویستی تەنیا مێژووی هەستە تاکەکەسییەکان نییە، بەڵکو مێژووی چۆنێتی چەمکسازیی و دامەزراوەیی و ئایدیالیزەکردنی خۆشەویستییە لەلایەن کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە.

ئاشکرایە خۆشەویستی لە ئەدەب و فەلسەفە و ئاییندا هێزێکی بزوێنەر بووە. بۆ شۆڕشەکان ئیلهامبەخش بووە، یاساکانی چەسپاندووە و چارەنووسی گەلانی پێکهێناوە. مێژووی خۆشەویستی تەنها پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەر ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندییە خێزانیی و هاوڕێیەتی و تەنانەت خۆشەویستی وڵات یان خوداش لەخۆدەگرێت. هەریەکێک لەم شێوانەی خۆشەویستیی شوێنەوارێکی نەسڕاوەی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی جێهێشتووە، ئەمەش وایکردووە کە بتوانرێت- و لەڕاستیدا پێویست بێت- (خۆشەویستی) وەک دیاردەیەکی مێژوویی لێی بکۆڵرێتەوە.

بۆ ئەوەی وردتر لە مێژووی خۆشەویستی تێبگەین، هەوڵدەدەین چەند تایبەتمەندییەکی ئەو مێژووە دیاری بکەین، هەتا بتوانین زیاتر تیشک بخەینە سەر لایەنە شاراوەکانی، گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لە:

**جۆراوجۆرێتی کەلتووریی:** یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی مێژووی خۆشەویستی جۆراوجۆرێتییە کەلتوورییەکەیەتی. دەشێت واتا و گوزارشتکردن لە خۆشەویستیی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا جیاوازییەکی گەورەی هەبێت. بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا خۆشەویستی بۆ چەندەها جۆر پۆلێن دەکرا: ئیرۆس eros (عەشقی ئیرۆتیک)، فیلیا philia (هاوڕێیەتی قووڵ) و ئاگاپێ agape (خۆشەویستی خۆنەویستانە و بێ مەرج). ئەم جیامەندییانە تیشک دەخەنە سەر ئەو ڕێگە جۆراوجۆرانەی کە خۆشەویستی پێ دەرکەوتووە و ئەو ڕۆڵە جۆراوجۆرانەی کە لە کۆمەڵگەدا بینیویەتی.

**بەدامەزراوەییکردنی خۆشەویستی:** بە تێپەڕبوونی کات، خۆشەویستی بەوپەڕی بەهێزییەوە بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەتی هاوسەرگیریی. لە هەندێک لە کەلتوورەکاندا هاوسەرگیریی لە مێژوودا زیاتر بە ڕێکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە وابەستە بوون، نەک تەنها خۆشەویستی ڕۆمانسی. بەڵام سەرهەڵدانی خۆشەویستی ڕۆمانسی وەک بنەمایەک بۆ هاوسەرگیریی، بە تایبەتی لە جیهانی خۆرئاوادا، بە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە مێژووی خۆشەویستیدا دادەنرێت. ئەم گۆڕانکارییەش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی فراوانترە لە بەها کۆمەڵگەییەکان، لەوانەش گرنگی زیاتری تاکگەرایی و ئەمەکدارییە کەسییەکان.

**نواندنە ئەدەبی و هونەرییەکان:** خۆشەویستی هەمیشە بابەتێکی بنەڕەتی نێو ئەدەب و هونەر بووە، واتە هەر لە چیرۆکە پاڵەوانێتییەکانی خۆشەویستی لە ئەفسانە کۆنەکاندا، تا دەگاتە شیعری ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر چیرۆکە خۆشەویستییەکانی سەردەمی نوێی نێو فیلم و ئەدەبیاتەکان. ئەم نواندنانە نەک هەر ڕەنگدانەوەی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانن بەرامبەر بە خۆشەویستی، بەڵکو پێکیشی دەهێنن. بۆ نموونە چەمکی خۆشەویستی لە دەربار و نێو کۆشکی پاشاکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە جەختکردنەوە لەسەر سوارچاکیی و خۆشەویستی بێ مەرج، کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی خانەدانەکان هەبوو و ئەوەش میراتێکی بەردەوامی لە ئەدەبیاتی خۆرئاوادا بەجێهێشتووە. بۆ نموونە ڕەنگە یەکێک لە بەناوبانگترین چیرۆکە خۆشەویستییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی (ڕۆمیۆ و جولیەت)ی ویلیام شکسپیر بێت. کە چیرۆکی خۆشەویستی گەنجێکە، بەهۆی کێشە خێزانییەکانەوە شکست دەهێنێت. لە کاتێکدا بەرهەمێکی ئەندێشەییە، بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەر کەلتووری

خۆرئـاوا زۆر قـووڵ بـووە، واتە کـاریگەریی لەسـەر بەرهەمە بێشـومارەکانی دواتـری ئەدەب و شـانۆ و فیلمـدا بەرچـاوبووە. هەروەهـا کۆتـایی دڵتەزێنـی چیـرۆکەکە، تیشـک دەخـاتە سـەر هێـزە وێـرانکەرەکەی خۆشـەویسـتی، بەتایبەتی کاتێک لەگەڵ داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا دژدەبێت.

**لێکدانەوە فەلسـەفی و ئاینییـەکان:** بەدرێژایـی مێـژوو فەیلەسـوف و پیـاوانی ئـایینی لێکـدانەوە جۆراوجۆرەکانیـان بـۆ خۆشـەویسـتی پێشـکەش کـردووە. لە بەشـێک لـە ئاینەکانـدا خۆشـەویسـتی بە یەکێـک لە فەزیـلەتە باڵاکان دادەنرێت. لەبەرامبەردا لە بەرهەمی فەیلەسـوفەکانی وەک ئەفلاتونـدا خۆشـەویستی وەک ڕێگایەک بـۆ بـاڵابوون سـەیر دەکرێـت، کە ڕۆح لە خـودایی نزیـک دەکـاتەوە. ئەم لێکـدانەوانە نەک تەنهـا کاریگەرییـان لەسـەر سـروتە ئاینییەکان هەبووە، بەڵکو کاریگەرییـان لەسـەر چوارچێـوەی ئاکـار و بەهاکـانی کۆمەڵگەکـانیش جێهێشـتووە. بـۆ نموونـە چەمکـی سـاتیاگراها satyagraha ی مەهاتمـا گانـدی، یـان خەبـاتی ناتونـدوتیژیی، ڕەگ و ڕیشـەی لە بیـرۆکەی خۆشەویسـتی وەک هێزێـک بـۆ گۆڕانکـاریی کۆمەڵایەتیـدا هەبـووە. گانـدی پێیوابـوو خۆشـەویسـتی و ڕاسـتی لەیەکتـر جیـا نـاکرێنەوە و خۆشـەویسـتی چەکێکی کـاریگەرترە لە جەنگـی دژ بە سـتەمکارییدا. بـۆیە فەلسـەفەکەی کە لەسـەر خۆشەویسـتیی دامەزابـوو، بـۆ ئەو بـزووتنەوانەی کە بـۆ مـافە مەدەنییەکان و ئازادی لە سەرانسەری جیهاندا تێدەکۆشان ئیلهامبەخش بوو.

هاوکـات خۆشـەویسـتی ڕۆڵـی ئاشـکرای لە هەنـدێک لە بەرچـاوترین بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـانی مێـژوودا هەبـووە. بـۆ نمـوونە هەڵوەشـاندنەوەی کۆیلایەتی لە ئەمریکا، بەشێکی بەهۆی ئەو خۆشـەویسـتی و بەزەیـیەوە بـوو، کە نـەیارانی سیسـتمی کـۆیلایەتی هەیـان بـوو بـۆ ئەو کەسـانەی کە کـۆیلە بـوون. کەسـایەتییەکانی وەک هـاریەت بـیچەر سـتۆ Harriet Beecher Stowe کە ڕۆمانەکەی کوخەکەی مام تۆم، لە میانەی بەکارهێنانی زمانی خۆشەویستی و خێزانـی هەسـتی دژە کـۆیلایەتی وروژانـد، بـۆ ئەوەی دۆخـی نالەبـاری کۆیلەکان زیاتر بە خەڵکی گشتیەوە ببەستێتەوە.

**خۆشەویسـتی شـۆڕشـگێڕانە:** ئاشـکرایە خۆشـەویسـتی بـۆ گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی هێزێکـی کـاریگەر بـووە. چەمکـی (خۆشـەویسـتی شـۆڕشـگێڕانە) تـازە نیـیە؛ بەڵکـو دەتوانرێـت لە بـزووتنەوە جۆراوجۆرەکانـدا بە درێژایی مێژوو ببینرێـت، کە چـۆن خۆشـەویسـتی و هـاودەنگیی بـوونەتە هـۆی ئەنجامـدانی کـاری بەکـۆمەڵ. بـۆیە (خۆشـەویسـتی شـۆڕشـگێڕانە) چەمکـێکە زۆرجار تێکەڵکردنی سۆز و خۆشـەویستی کەسیی لەگەڵ ململانێی سیاسـی یان کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا لەخۆدەگرێـت. واتە ئەو جـۆرە خۆشەویسـتییەیە کە تاکەکـان والێـدەکات ئـارەزووە کەسـییەکانیان بـخەنە خـزمەت پرسـە گەورەکـانی وەک دادپەروەریـی، ئـازادی، یـان گۆڕانکـارییەکی بەرچـاوی کـۆمەڵایەتی. ئەم جـۆرە خۆشەویسـتییە لە تـان و پـۆی مێـژووی

مرۆڤایەتیدا بوونی بەرچاوی هەیە، بەتایبەت شۆڕشگێڕەکانی جیهان، وەک (چێ گیڤارا و ئەلییدا مارچ Che Guevara and Aleida March)، ڕەنگە ئەم خۆشەویستییە یەکێک بێت لە نموونە دیارەکانی خۆشەویستی شۆڕشگێڕیی، شۆڕشگێڕی بەناوبانگی ئەرجەنتینی چێ گیڤارا لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەلیدە مارچ، کە شۆڕشگێڕێکی خەڵکی کوبا بوو و شانبەشانی یەک خەباتیان کرد. تەنانەت دواتر هاوسەرگیرییەکەی ئەوان تەنها پابەندبوونێکی کەسیی نەبوو، بەڵکو خۆبەخشییەکی هاوبەش بوو، بۆ دۆزە شۆڕشگێڕییەکان. ئەوان پێکەوە لە جەنگە مەترسیدارەکاندا دەجەنگان، خۆشەویستیەکەیان ژیانی کەسیی تێپەڕاندبوو، چونکە هەردووکیان ژیانی خۆیان بە جەنگی سەربەخۆیی کوبا و ئایدیا سۆسیالیستییەکانەوە بەستەوە.

هەروەها چیرۆکی بەگات سینگ Bhagat Singh ی ئەفسانەیی و خەباتەکەی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی هیندستان لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا، نموونەیەکی دیکەی خۆشەویستی شۆڕشگێڕانە بوو، نەک بۆ کەسێک، بەڵکو بۆ وڵاتەکەی. ئەو پەیوەندییە کەسیی و تەنانەت ژیانی خۆشی لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا لە پێناوی ئازادی نیشتمانەکەی بەخت کرد. خۆشەویستییەکەی بۆ نیشتمان بە واتا ڕاستەقینەکەی شۆڕشگێڕانە بوو. ئاشکرایە لە جوڵانەوەی چەکداری کوردیشدا چەندەها نموونەی بەرچاومان هەیە، ڕەنگە دیارترینیان خەبات و خۆبەختکارییەکانی مامە ڕیشە بێت.

میتۆدەکان

لێکۆڵینەوە لە مێژووی خۆشەویستی بریتییە لە دەستپێکردنی گەشتێکی فراوان بەنێو جیهانی پسپۆڕییە جیاوازەکاندا، واتە بەنێو ئەدەب و فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسیی و ... تاد، هەرچەندە زۆرجار خۆشەویستی وەک ئەزموونێکی قووڵی کەسیی لێپروانراوە، بەڵام یەکێک بووە لە گرنگترین لایەنەکانی بوونی مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی جیهانیی و کەلتووریی. هەربۆیە ناکرێت، لەگۆشەیەکی دیاریکراو و ڕوانگەیەکی تەسکی تاکە پسپۆڕییەکەوە لێبپروانرێت، بۆیە دەبێت بۆ (ئاشکراکردن)ی میتۆدگەلێک بەکاربهێنرێت، کە بتوانێت پەی بە تەواوی لایەن و ڕەهەندە جیاوازەکانی بەرێت، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین:

### 1 ) شیکردنەوەی ئەدەبی: (خۆشەویستی لە دەقەکاندا)

ئەدەب لە مێژە پەنجەرەیەکی کراوە بووە، بەسەر دیمەنە ڕۆشنبیریی و سۆزدارییەکانی خۆشەویستیدا. مرۆڤ بە لێکۆڵینەوە لە خۆشەویستی وەک ئەوەی لە شیعر و ڕۆمان و نامە و داستانی سەردەمە جیاوازەکاندا وێنا کراوە، دەتوانرێت گۆڕانی واتا و دەربڕینەکانی خۆشەویستی بدۆزێتەوە. شیکارییە

ئەدەبیەکان ڕێگەمان پێدەدەن، لێکۆڵینەوە لەوە بکەین، کە چۆن خۆشەویستی بنش (تصور) کراوە، جا چ وەک خودایی یان ڕۆحی یان ڕۆمانسی، یان تراژیدی و ...تاد، دواتر چۆن ئەو تێڕوانینانە پەرەیان سەندووە.

بۆ نموونە لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، چەمکی خۆشەویستی (دەربار - البلاط)ی بەسەر ئەدەبدا زاڵ بوو، ئەمەش جەختی لەسەر سۆز و خۆشەویستییەکی بێمەرج و نموونەیی دەکردەوە، هەندێجاریش بە نەریتە سوارچاکییەکانەوە پەیوەستبوو. دەتوانرێت ئەمەش بە ڕوونی لە بەرهەمەکانی دانتێ ئەلجیریدا (1294) Dante Alighieri دا ببینرێت، کە خۆشەویستی دانتێ بۆ بیاتریس Beatrice هەم وەک تامەزرۆبوونێکی زەمینی و هەم وەک ڕێبەرێکی ڕۆحی بەرەو خۆشەویستی خودایی دەبزوێت. لە کتێبی کۆمیدیای خودایی (1320)دا، بیاتریس دانتێ بە ئاسماندا دەبات، خۆشەویستیی خۆی بۆ دەنوێنێت و هەوڵی ڕزگاربوونی دەدات. بۆیە لەم سەردەمەدا بیرۆکەی خۆشەویستی وەک هێزێکی ڕۆحی ئارەزووی جەستەیی تێدەپەڕێنێت، ئەوەش لە ئەدەبیاتەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە.

## 2) لێکۆڵینەوەی فەلسەفی: (تیۆرییەکانی خۆشەویستی)

فەیلەسوفەکان مێژوویەکی دوورودرێژ لە (سروشت)ی خۆشەویستی ڕاماون، تیۆر گەلێکی ئاڵۆزیان سەبارەت بە ڕەهەندە ئاکاریی و دەروونی و بوونگەراییەکانی پێشکەش کردووە، بە لێکۆڵینەوە لە دەقە فەلسەفیەکان لەسەر خۆشەویستی، بەو دیدە ئاشنا دەبین، کە چۆن بیرمەندان بەدرێژایی مێژوو خۆشەویستییان بنش کردووە، هەر لە حەزە جەستەییەکانەوە تا شێوەیەکی بالاتری پەیوەندی خودایی. فەلسەفە ڕێگەمان پێدەدات، کە شوێنەوارە ئاکارییەکانی خۆشەویستی و ڕۆڵی لە بوژانەوەی مرۆڤدا و پەیوەندییەکەی بە زانین و ڕاستییەوە ئاشکرا بکەین.

بەلای ئەفلاتونەوە خۆشەویستی تەنها ئەزموونێکی جەستەیی یان سۆزداری نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای جوانی و دانایی و خوداییدا. ئەو جیاوازیی لە نێوان خۆشەویستی زەمینی (کێشکردنی جەستەیی) و خۆشەویستی ئاسمانی (هاوڕێیەتی ڕۆحی و فیکری)دا دەکات. دیارە تێگەیشتنەکانی ئەفلاتون دەربارەی خۆشەویستی وەک هێزێک کە تاکەکان بەرەو خودایی دەبزوێنێت، کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر فەلسەفەی خۆرئاوا هەبووە، بۆ چەندین سەدەش چەمکە ئایینی و ئاکارییەکانی خۆشەویستی داڕشتووە.

## 3) توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان: (خۆشەویستی لە کەلتوورەکاندا)

ئەنترۆپۆلۆژیا ڕێگەمان پێدەدات، لە چێوەی نواندنە کەلتوورییە جیاوازەکان و بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندا لە خۆشەویستی بکۆڵینەوە. مرۆڤناسەکان بە

لێکـۆڵینەوە لە نەریتـی هاوسـەرگیریی و سـروتەکانی مـارەبڕین و پەیوەنـدییە خێزانییەکـان لە کـۆمەڵگە جیاوازەکانـدا، ئەو تێـڕوانینە بەدەسـت دەهێـنن، کە چـۆن خۆشەویسـتی بەهـۆی پێـوەرە کەلتـووریی و بیروبـاوەڕە ئـایینی و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکـانەوە پێکـدێت. ئەم میتـۆدە تێگەیشـتنێکی فراوانتـر پێشکەش دەکات، کە چۆن خۆشەویسـتی هەم ئەزمـوونێکی جیهـانی و هەم دیاردەیەکی تایبەتی کەلتوورییە.

بـۆ نمـوونە مارگریـت میـد Margaret Mead لە بەرهەمە سـەرەکییەکەیدا (Coming of Age in Samoa (1928)، ئەو ڕێگایـانەی ئاشـکراکرد، کە کـۆمەڵگەی سـامۆئا چـۆن لەگەڵ خۆشەویسـتی و هەوڵـدان بـۆ ڕازیکـردن و تەنـانەت سێکسـیش مامەڵەیـان کـردووە. میـد بـۆی دەرکەوت، کە خۆشەویسـتی و پەیوەنـدییەکان لە سـاموا بە ئـازادییەکی زیـاتر و کەمتـر لەژێـر چـاودێری کـۆمەڵایەتی بەراورد بە کـۆمەڵگە خۆرئاواییەکـان (لـەو کاتـەدا!) جیـادەکرێنەوە. مید بە بەراوردکردنی میتۆدی سـامۆئا بە میتـۆدی خۆرئـاوا بـۆ خۆشەویسـتی، تیشـکی خسـتە سـەر ئەوەی کە چـۆن زەمیـنە کەلتوورییەکـان کاریگەرییـان لەسـەر شێوازی تێگەیشتن و دەربڕینی خۆشەویستی مرۆڤەکان هەیە.

## 4) **ڕوانگە کۆمەڵناسییەکان: (خۆشەویستی و کۆمەڵگە)**

کۆمەڵناسـەکان لە ڕوانـگەی پشـکنینی بونیـادە کۆمەڵایەتیەکـانی (وەک چـین، ڕەگەز، ئـابووری و ...تـاد ) لە خۆشەویسـتی دەکـۆڵنەوە. ئەم شـێوازە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە خۆشەویستی دەکەوێتە ژێـر کـاریگەری پێوەرەکـانی کـۆمەڵگە و هۆکـارە ئابوورییەکـان و هێـزە دامەزراوەییەکـان. بـۆیە کۆمەڵناسـیی تێڕوانینێـک پێشـکەش دەکـات، کە چـۆن خۆشەویسـتی لە ئەنجـامی وەڵامـدانەوەی مـۆدێرنیتە و تـاکگەرایی و گـۆڕانی ژیـانی خێزانیـدا پەرەی سەندووە.

بۆ نموونە لە کتێبە کاریگەرەکەیـدا (The Transformation of Intimacy 1992)، ئەنتـۆنی گیـدنز Anthony Giddens ئەوە ئاشـکرا دەکـات، کە چـۆن سـەردەمی مۆدێرن سروشتی خۆشەویستی و پەیوەندییەکانی گۆڕیـوە. گیـدنز بـاس لەوە دەکـات، لەگەڵ سـەرهەڵدانی تـاکگەرایی و لێکهەڵوەشـانی بونیـادە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان، خۆشەویستی مۆدێرن زیاتر نەرمی تێدایە و لەسـەر بنەمـای ڕەزامەنـدی یەکتـر دامەزراوە، کە بە (خۆشەویسـتیی کـۆمەڵگەیی) ناوی دەبات. بە پێچەوانەی قۆناغەکانی پێشووتر، کە زۆرجار خۆشەویسـتی بە ئەرک و پابەندبیەکانەوە بەسترابووەوە، پەیوەندییە نوێیەکان زیاتر یەکسـان و بە پاڵنەری ئەمەکداریی کەسییەوە دەجووڵێنرێن، هەرچەندە ناجێگیرترن.

## 5) **دووتوێ مێژووییەکان: (خۆشەویستی لە مێژوودا)**

لە کۆتاییـدا مێژوونووسـان لە چوارچێـوەیەکی بەرفراوانـی گۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانـدا لە خۆشەویسـتی دەکـۆڵنەوە. ئـەوان

بە لێکۆڵینەوە لە خۆشەویستی لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا دەتوانن پەی بەوە بەرن، کە چۆن خۆشەویستی و پەیوەندییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕووداوە گەورەکانی وەک جەنگ و شۆڕش و گۆڕانکارییە ئایینیی و هەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکان. زەمینە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە چۆن خۆشەویستی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پێکهاتووە و چۆن لە دواتر کاریگەریی لەسەر ڕەوتی مێژوو هەبووە.

بۆ نموونە ستیفانی کونتز Stephanie Coontz لە کتێبی (هاوسەرگیریی، مێژوویەک) (2005)، لەوە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن خۆشەویستی ڕۆمانسی، کە ڕۆژگارێک بە بنەمایەکی نەگونجاو بۆ هاوسەرگیریی دادەنرا، وردە وردە بووە بناغەی پەیوەندییە هاوسەرگیرییە مۆدێرنەکان. کونتز گۆڕانکاری لە هاوسەرگیریی ڕێکخراوەوە، - کە لەسەر بنەمای وابەستەییە خێزانیی و پێویستی ئابوورییەکان دامەزرا بوو- بۆ نموونەی نوێی هاوسەرگیریی لەسەر بنەڕەتی هاوڕێیەتی دەگەڕێنێتەوە، کە سۆز و هەڵبژاردنی کەسیی بە پێشینە دادەنێت – دیارە مەبەست کۆمەڵگەی خۆرئاواییە-. ئەم گۆڕانکارییە مێژووییە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە فراوانترەکانە، لەوانەش سەرهەڵدانی تاکگەرایی، مافەکانی ژنان و سەربەخۆیی ئابووری.

بەمشێوەیە لێکۆڵینەوە لە مێژووی خۆشەویستی، ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات، کە تەنیا هەستێکی کەسی نییە، بەڵکو هێزێکە بە قووڵیی لەگەڵ بونیادە کەلتووریی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئاوێزان بووە. لە ئەدەب و فەلسەفەوە تا ئەنترۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسی، سروشتی فرە ڕەهەندیی و پسپۆڕێتی توێژینەوەی خۆشەویستی ڕێگەمان پێدەدات لە ڕۆڵە ئاڵۆز و پەرەسەندووییەکەی لە ژیانی مرۆڤەکاندا تێبگەین. جا چ لە ڕێگەی نموونە ڕۆمانسیەکانی خۆشەویستی (دەربار)ی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بێت، یان لە ڕێگەی دیدە ڕۆحییەکانی خۆشەویستی ئەفلاتونییەوە بێت، یان لە ڕێگەی نواندنە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و...تاد، بۆیە خۆشەویستی مێژووی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی قووڵ پێکهێناوە.

هەروەها مێژووی خۆشەویستی بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی بەردەوامی (خۆشەویستی) وەک هێزێک، کە نەک تەنها گۆڕانکاری لە ژیانی کەسییدا دەکات، بەڵکو دەتوانێت تەواوی کۆمەڵگاکانیش بگۆڕێت. جا خۆشەویستی ئەگەر سۆزداریی نێوان تاکەکان بێت، یان ئەو خۆشەویستییە پڕ بەزەییەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێشدەخات، یان ئەو خۆشەویستییە ڕۆحییەی کە سرووتە ئایینییەکان ئاڕاستە دەکات، ئەوا ئەوە دەردەخات، کە خۆشەویستی بابەتێکی ناوەندیی (مرکزی) بووە و لە چیرۆکی مرۆڤایەتیدا بەردەوامیی هەیە.

بۆیە لە کاتێکدا کە لە مێژووی خۆشەویستی دەکۆڵینەوە، دەبینین تەنها هەستێکی کەسیی نییە، بەڵکو هێزێکی کۆمەڵایەتییە، کە توانای گۆڕینی

جیهــانی هەیە و بــزوێنەری هەنــدێک لە گۆڕانکــارییە بەرچاوەکــانی مێــژووی مرۆڤایەتی بووە. جا تێگەیشتن لەم مێژووە، یارمەتیدەرە بۆ پەی بـردن بەو ڕێگـا ئاڵۆزانەی کە خۆشـەویستی بەردەوام کاریگەریی لەسـەر ژیانمان جێدەهێڵێت.

2024-8-16